

# چەند ڕێنمایی بۆ چارەسەری ناڕێکیی دیکۆری ناوماڵ

ڕەنگە زۆر جار هەست بکەیت کە هەڵە و ناڕێکی لە دیکۆری ناوماڵەکەتدا هەیە، لەوانەشە بە ئاسانی تێبینی نەکەیت لەو کاتەی لە بەرچاوانیشت دەبن، لەلایەکی دیکەوە بۆ دانانی دیکۆرێکی پاییزانە، پێویستە مۆدێکی قەرەباڵغ نەبێت و بەڵکو کرانەوەو فەراحی پێوە دیار بێت. بۆیە لەم ڕێنماییانەی خوارەوە سوود وەربگرە بۆ ئەوەی هەڵەکانی هەڵبژاردنی دیکۆرت بزانیت و دووبارەشیان نەکەیتەوە:

زۆر جار خانمان لە هەڵبژاردنی کەرەستەکان پەلە دەکەن، دواتر کە دیکۆرەکە ئامادە دەکەن، هەست بە هەڵە دەکەین، وێڕای ئەو ماندووبوونەی کە بۆ دانانی کەرەستەکان تەرخانیان کردووە، بۆیە واچاکە تۆی خانم سەرەتا لەسەر کاغەز شوێنی ئەو کەرەستانە دیاری بکەیت و وێنەیان بکێشیت، ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت کە چۆنە. دەربارەی ڕەنگی دیکۆری ماڵ، هەڵبژاردنی ڕەنگی هەڵە لە دیکۆرەکەتدا چاککردنەوەشی ئەستەمەو ئاسان نییە، وەك ئەوەی ڕەنگێکی تۆخ بۆ دیواری ماڵەکەت هەڵبژێری و دواتر بەدڵت نەبێت. ناکرێت هەموو سەرنجت لەسەر بەشێکی دیکۆری ماڵ بێت، لایەنەکانی دیکەش فەرامۆش بکەیت. لە مۆدی وەرزی پاییزدا، پێویستە کەرەستەکان لە نزیکی یەکەوە نەبن، تا هەستێکی ئارامی و کرانەوە و ئاسایی بە دیکۆری ماڵەکەتەوە دیار بێ. بەهۆی ئەوەی وەرزی پاییز وەرزێکی خەمناك و گەڵاوەرینە، با دیکۆری ماڵەکەت دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش بێت.



## پشتێنەکان لە وەرزی پاییزدا درەوشاوە دەبن


هاتنی وەرزی پاییز، دیارییەکی نایاب و جوانیشت لە بواری جلەکاندا بۆ دەهێنێت، بەهۆی ئەوەی پێویستت بە گۆڕینی شێوازی جلەکانی هاوینەیە، بەم چەشنە دەتوانی دوو پارچە جل، یان چاکێت و سویتێکی تەنك لەسەر جلەکانی بەشی سەرەوە بپۆشی، بەم جۆرە پێویستت بە پشتێنەکان دەبێت، تا لەشولار و جلەکانت ڕێکبخات، پشتێن کەرەستەیەکی نایابە هەم بۆ جوانی هەم بۆ شیککردنی جەستە و لەشولارت، بۆیە لەم وەرزەدا بەبێی پشتێن مەچووە دەرەوە، پشتێنەکان لەگەڵ پانتۆڵ و کاوبۆی جینز و تەنوورەش لە پشت دەکرێت، زیاتر گرنگی بە پشتێنی باریك و بچووك دەدرێ، چونکە لە مۆدی پێشوودا زیاتر پشتێنی ئەستوور باو بوو، مەرجە ڕەنگی پشتێن لەگەڵ ڕەنگی بەشێکی دیکەی جەستەدا هاوڕەنگ بێ، بۆ نموونە دەکرێت ڕەنگی پشتێن و پێڵاو هاوشێوە بن، یان دەتوانی ڕەنگی جەنتا و پشتێن لە هەمان ڕەنگ بن، هەندێ جاریش دەتوانی لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژت هاوڕەنگیان بکەیت، پشتێن جگە لەوەی کەرەستەیەکە بۆ جوانیت، هەروەها شێوازێکی سەرنجڕاکێشە لە دوور و نزیك دەردەکەوێت.





# چۆن خۆت بۆ زانکۆ ئامادە دەکەیت؟

هاتنەوەی دەوامی زانکۆ، بەشێکی دیکەی ژیانی تۆی خانمی خوێندەڤانە، بەو پێیەی کە رۆژانە دەچیتە ئەو ناوەندە، بۆیە پێویستت بە گرنگی و جوانکاری و سەرنجڕاکێشی دەبێت، لە ساڵی نوێی خوێندنت نابێت هیچ گۆڕانکارییەکت لە جوانی و روخسار و شێوەی قژ و جلوبەرگدا نەکردبێت، ئەو کاتە کەسانی دەوروبەرت هیچ گۆڕانکاری و سەرنجێکت نابینن. بۆ ئامادەکاری رۆژانی زانکۆ دەکرێت بەم رێگایانەی خوارەوە خۆت ئامادە بکەیت: سەرەتا بەیانیان دەم و چاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ، پاشان بە جوانی وشکی بکەرەوە و تا ئاسەواری ماکیاژی رۆژی پێشووی پێوە نامێنێت، دواتر جلەکانت هەڵبژێرە و بەشێکی زۆری جلەکانت لەبەر بکە، تا لە کاتی ماکیاژدا ئامادە بیت، پاشان (١٠) خولەك بوەستە و ئینجا دەست بە ماکیاژ بکە، ئەو هەنگاوەش بۆ پاراستنی پێستت گونجاوە. دەست بە کۆنسیلەر بکە، وەك دەزانین دوو جۆرە کۆنسیلەر هەن، یەکێکیان توندە و ئەوەی دیکەش شل، بەیانیان کونسیلەری شل بەکاربهێنە. دەربارەی کرێمی ئەساس: لە دەم و چاوت و ملیشت بدە، تا یەك رەنگ بێت، واچاکە کرێمی ئەساسی شل. پۆدرەکانیش لێبدە و پاشان ماسکارات بکە، پێویستە دوای ئەو هەنگاوانەی سەرەوە، ماسکارە بکەی، تەنانەت ئەگەر ماسکارەکەت لە رەنگی رەش یان قاوەیی بێت، هەوڵبدە کە ماسکارەکە لە برژانگی سەرەوە و خوارەوە بە جارێك لێبدە و تا جیاواز دەرنەکەون. خۆ دەبێ کولمەکانیشت بە رەنگێکی جوان و سوور و ناسك برازێنەوە، رەنگی بێجی، یان پەمەیی کاڵ لە کۆڵمەکانت بدە، رەنگێکیش بۆ لێوت هەڵبژێرە. ئەوانە هەنگاوەکانی رۆژانە بوون، هەنگاوەکانی هاتنەوەی وەرزیش بریتین لە گۆڕینی جلوبەرگەکانت، شێوازی رەنگی قژت، ماکیاژ و ئێکسسوارەکانیش لە بیر مەکە.



## تاڤگەی کلکە ئەسپ


ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو تاڤگەیە بکەیت، وەك کلکێکی ئەسپ دەردەکەوێت، کە تاڤگەیەکی سرووشتییە و بەبێ دەستکاری مرۆڤ و بە شێوەی سرووشتی دروست بووە، ئەو تاڤگەیە دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا، لە ناوچەی (یوسمیات)ی نیشتمانییە، یەکێکە لە جوانترین تاڤگەکانی کیشوەری ئەمریکای باکوور، دەگوترێت ئەو تاڤگەیە لە مانگی (٢)ی هەموو ساڵێکەوە بە بڕە ئاوێکی زۆرەوە دەردەکەوێتەوە و ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاو لە نێو دڵۆپە ئاوەکانیدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و ناسکی هەیە. لە ساڵی (١٩٦٠) بەهۆی گڕگرتنی ئەو ناوچەیە ئەو تاڤگەیە وشکی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە و ئاوە سازگارەکەی هاتۆتەوە، بەرزیی ئەو تاڤگەیە دەگاتە (٩٠٠) مەتر، ڕەنگی کێوەکەی ئەو تاڤگەیە نێوان سوور و سووری ئاگرینە، کاتێك ئاوەکە دەکەوێتە خوارەوە، دیمەنی تاڤگەکە وەك کلکە ئەسپێکی سوور ڕەنگ دەردەکەوێت. ساڵانەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کبریت لەو ناوچەیەدا ڕەنگی ئاوەکە بەرەو ڕەنگی زێڕی دەچێت.



## ریش و سمێڵی شەش مەتری!

پیاوێکی هیندستانی ماوەیەکی زۆرە ریش و سمێڵی هێشتۆتەوە تا ببێتە خاوەن درێژترین سمێڵ و ریش، ئەو پیاوە لە شاری راجستان لە باکووری وڵاتی هیندستان دەژی، ناوی (جیدار فیاس)ە و تەمەنی (٥٨) ساڵە، ماوەی (٣٠) ساڵە خەریکی خزمەتکردنی ریش و سمێلەکەیەتی، لە ئێستادا درێژی ریش و سمێڵی دەگاتە (٦) مەتر. ڕۆژانە ماوەی (٣) کاتژمێر خەریکی خزمەتکردنی ریش و سمێڵیەتی، وەك خۆی دەڵێ: کاتێك لە خەو هەڵدەستم سەرەتا ریش و سمێڵم دەخەمە سەر پێخەفەکم و درێژی دەکەم، تا هەندێ زەیت و کرێمی لێدەدەم و پاشان بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر خاوی دەکەمەوە. فیاس هێشتان دەڵێ: تا ماوم خزمەتی ریش و سمێڵم دەکەم، بۆ ئەوەی ببمە خاوەن درێژترین ریش و سمێل، بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات، قسەی خەڵکە کە پێیان وایە سمێڵ و ریشم پیسە، لەوکاتەی من هەمیشە گرنگی پێدەدەم و زوو زووش پاکی دەکەمەوە.








## مرۆڤ وەک مێروولە

حاڵەتە دەگمەکانی وێنەگرتن و وێنەکێشان هەندێ جار دەبنە دیاردە، کە جێگەی بڕوابوون نییە، وەك ئەو وێنەگرە بچووکەی کە لە ئەمریکا دەژی و ناوی (زێف هوڤەر)ـە، بەهۆی بچووکیی خۆیەوە کە تەمەنی (١٥) ساڵە، دەیەوێ هەموو خەڵکیش هاوشێوەی خۆی بن، ئەوەتا لە تەمەنی (٨) ساڵییەوە دەستی کردووە بە وێنەگرتن، لە ئێستادا کە تەمەنێکی کەمی هەیە، بۆتە یەکێك لە وێنەگرە بەناوبانگەکانی وڵاتەکەی، کارەکانی زێف بریتییە لە بچووککردنەوەی مرۆڤ تا ئەندازەی مێروولەیەك، داهێنانەکەی زێف لەوەدایە کە هەندێ کەرەستەی گەورە داوا دەکات تا لە وێنەکانیدا دەربکەون، هەروەها گۆشەنیگایەکی وای پێدەدات، مرۆڤەکان بچووك و وەك مێروولەیەك دەربکەون. وێنەکانی بوونەتە جێگەی سەمەرەی زۆربەی خەڵك، پڕۆژەکەی بەناوی (مرۆڤی بچووکە)، تا ئێستا چەندین پیشانگەی کردۆتەوە.

## قاوەخانەیەک لە شێوەی وێنەی کارتۆنی









هەست بە بێزاری ناکەیت کاتێك سەردانی قاوەخانی کارتۆنی دەکەیت، وادەزانی لە نێو شێوە بیرکاری و ئەندازەیی و سەیرەکانی نێو فیلمە کارتۆنەکان گوزەر دەکەیت، ئەو بیرۆکەیە کارێکی سەیرە وەك ئەوەی خۆت بەشداری فیلمە کارتۆنییەکان بکەیت، ئەو قاوەخانەیە بەناوی (یۆنام دۆنگ ٢٣٩-٢٠)ە، دەکەوێتە وڵاتی کۆریای باشوور، کەشێکی بەجۆش بۆ میوانان بەردەست کراوە، کاتێك سەیری هەر لایەکی خۆت دەکەیت، وادەزانی لە نێو جیهانێکی دیکە و جیاوازدای. ئەو بیرۆکەیە لە زنجیرە کارتۆنی کۆری (two worlds) وەرگیراوە، کە لە داهێنەرانی (لی گۆنگ سوك و هان هۆ جۆ)یە، باس لە کەسایەتییەکان دەکات لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دێنە نێو جیهانی مرۆڤەوە. تەواوی دیوارەکانی ئەو قاوەخانەیە سپییە و بە نەخش و نیگاری ڕەش و ڕەنگاوڕەنگیش دیزاین کراوە، تا هەست بە جیهانێکی دیکە بکەیت.


# جیاوازیی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !





## کاریکاتێر



کارێکاتێرێکی ناوازەیە، باس لە هەوڵی خودی مرۆڤ دەکات، کاتێك ڕێگاکان لە بەردەمیدا نابن، یان قورس دەبن، ئەوکاتە پێویستە کەسەکان خۆیان هەوڵی بۆ بدەن و ڕێگای داهاتوویان بدۆزنەوە و دیاری بکەن.


## سەیرترین داوای هاوسەری

کاتێك کوڕێك دەیەوێ داوای هاوسەری لە کچێك بکات، ئیدی هەموو جۆرە ڕێگەیەکی کلاسیك و نەریت و سەیر دەگرێتە بەر، تا دڵی کچەی ڕازی دەکات، هەندێ جاریش ئەو داوای هاوسەرییانە لە شێوەی ئاسایی دەردەچن و سەرنجی کچەش ڕادەکێشن، وەك ئەو کوڕ و کچە ئوسکتلەندییەی کە بە سەیرترین ڕێگا بوونە هاوسەری یەکتر، کوڕەکە ناوی (کریس گوسبێل) وتەمەنی (٣٠) ساڵە، کاری کێڵگەکاری و جووتیاری دەکات، هەروەها خاوەن مەڕ و ماڵاتیشە، کاتێك کچێکی ئاواییەکەی خۆیانی بە دڵ دەبێ، یەکێك لە چێڵە گەورەکانی دەهێنێت و لەسەر پشتی چێڵەکە دەنووسێت: دەبیت بە هاوسەری ژیانم؟ کچەکەش کە ناوی (ئەلیدە فرێزەر)ە، بەبێ دوودڵی وەڵامی ڕەزامەندی بە بەڵێ لەسەر داوا هاوسەرییە سەیرەکەی کریس دایەوە و بوونە هاوسەری یەکتر.






## نوکتە



بە یەکێك دەڵێن بۆ ئەوەندە لە ژنەکەت دەترسی؟ ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆمان بینیمان کە ژنەکەت یەك لەسەر یەك تاکە نەعلی تێ دەگرتیت، تۆش هیچت نەکرد. ئەویش دەڵێ: جا توخوا چەند ئازامە، بینیتان نەمهێشت یەك دانەشم پێبکەوێ؟!

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کارەکانت دوامەخە و ئەوەی لەسەرتە جێبەجێی بکە، ژیرانە ڕەفتار دەکەیت لەگەڵ دەوروبەرت، بەتایبەت کاتێك کێشەکان دەربارەی تۆ دەبن، هەمیشە کەسی یەکەم بە لە کارەکانت و پابەند بە بە بیر و ڕای خۆتەوە، دەستکاری کەسانی دیکە لە کارت خراپ دەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێکی هەست بەرزی، بەڵام شێوازی ڕەفتارکردنی ئێستاو ڕابردووت جیاوازییان هەیە، هەر بۆیە کەسانی دەوروبەرت سەرنجت لێ دەدەن و بە جوانی ناتناسنەوە، بۆیە شێوازی ڕەفتارت بگۆڕەو کارەکانت بە جوانی بکە، تا بە ئامانجەکانت بگەی.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسێك چاودێریت دەکات، بەڵام خەمی داهاتووت نەبێت، چونکە سەربەرز و سەرکەوتووی، هەستی خۆت بۆ ئەو کەسە دەربڕە کە شایستەیە، مەهێڵە کەسێك کۆنترۆڵت بکات، لەبواری دڵدارییەوە بە کاتێکی هەستیار و ناسکدا تێپەڕدەبیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەزیەتی خۆت مەدە و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسێك لێت نزیك بۆتەوە و ماوەیەکە لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت تووشی کێشە و ناخۆشی بوونەتەوە، هەوڵبدە چارەسەر لەلای تۆوە بێت، چونکە هێشتا بارودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کارێکی باش دەکەیت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، ئەرکەکانت دوامەخە، چونکە ماوەیەکە خەریکە کۆنترۆڵی خۆت لە دەست دەدەیت و بەرەو ئامانجەکانت ڕێگە ناگریت، وا چاکە بیر لە هەنگاوەکانت بکەیتەوە، گوێبیستی هەواڵی خۆش دەبیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بیرۆکەکانت لە داهاتوو جێگەی خۆی دەبێت، کەسێك نیازی وایە لەگەڵت باش بێت، بەڵام خراپ دەبێت، هەموو کەسێك تووشی کێشە دەبێت و پێویست ناکات ئەوەندە خەمی لێ بخۆیت و ماوەیەك ئارام بگرە، کێشەکان کۆتاییان دێت، بەڵام دەبێ زیرەکانە ڕەفتار بکەیت.

## یاری وێنە



لەم وێنەیەدا گیانداردێکی بچووك و جوان هەیە، بە تیژی چاوەکانت لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکەدا بیدۆزەوە و شوێنەکەی دیاری بکە و بزانە چ گیانداردێکە.

## پەند و وتە




ماری سکالدۆویسکا کۆری، وێنەکێش و فیزیاکاری فەرەنسی، ساڵی (١٨٦٧) لەشاری وارسۆی پۆڵەندا لەدایکبووەو لە ساڵی (١٩٣٤) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی نیگەرانی بۆ خەڵك و خودی خۆت دەڵێ: هێندە بە تامەزرۆیی و لە ئامادەباشیدا بۆ خەڵك مەوەستە، چاکترە گرنگی بە عەقڵ و بیرکردنەوە و هەستی خۆت بدەیت.

## باڵندەکان زبڵ و خاشاك کۆ دەکەنەوە



یەکێك لە کارە نایاب و سەرسامەکانی شارەوانی وڵاتی فەرەنسا، ڕاهێنانی باڵندە خۆماڵی و کێوییەکانە تا زبڵ و خاشاك لە گۆڕەپانەکانی شوێنە گشتییەکان بە دنووکەکانیان کۆبکەنەوە و بیخەنە نێو سەبەتە و شوێنی زبڵەکان، بیرۆکەکەش بەم چەشنەیە، ئەو کۆمەڵە کۆترەیان برسی کردووە و پاشان بە هەڵگرتنەوەی پاشماوەکان دانیان بەو باڵندانە داوە، وەك ڕاهێنانێك تا بەم کارە فێر بن، پرۆژەکە لەلایەن شارەوانی هەرێمی ڤیندی جێبەجێ کراوە، کە سەرەتا لە پارکی (پەی دۆفۆ پارك)، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن کەسێك بەناوی (نیکۆلاس دی ڤیللەریس) بە ڕاهێنانەکانی توانی (٦) باڵندە فێری ئەو کارە بکات، لە ئەنجامدا بووە جێگەی سەرکەوتن و پاکڕاگرتنی پارکەکە لەلایەن ئەو کۆترە ڕاهێنراوانەوە.

## فێڵکاری چاو



لەم وێنەیەدا فێڵکارییەکی سەیر کراوە، کاتێك سەیری لای ڕاست دەکەیت، (٧) شێوە دەبینرێت، ئەگەر سەیری لای چەپ یان خوارەوە بکەیت، (٨) شێوە دەبینیت، هەوڵبدە ڕاستی و دروستیی وێنەکە بزانیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خراپیی بیرۆکەی خۆت مەخە سەر کەسانی دیکە، هەوڵبدە بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت زیاتر بکەیت، بەوەش شێوازی ژیانت گۆڕانکاری بەسەردا دێ، ئەگەر بیر لە ئامانجەکانی داهاتووت بکەیتەوە، هەموویان هێواش هێواش بۆت دەبن، هێمن و لەسەرخۆبە لە بڕیار و داهاتووشت باش دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسایەتیت جێگیرە و کەسێکی بەتوانای لەکارەکانت، بۆیە خۆت فەرامۆش مەکە، هەرچەندە پێشبینی کارەکانت دەکەیت، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆت دێتەوە، بۆیە دەبێ چاوەڕان بکەیت و بزانی داهاتووت چی بۆت هەیە، هەمیشە بە ئاسایی ڕەفتار بکە و دڵت کراوە بێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوەی لەسەرتە جێبەجێ بکە، لەگەڵ خەمەکانت هێندە قووڵ مەبەوە، ماوەی داهاتووت باشتر دەبێت، هەندێ جار بیر لە هەڵسوکەوتەکانت بکەوە و لاسایی کەسانی دیکە مەکەوە، چونکە لە داهاتوودا بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، سادە بە لە هەڵسوکەوتت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خەم لە ڕابردوو مەخۆ و کارەکانی ئێستات بە جوانی بەڕێ بکە، کەسێکی دڵت گەورەو هەستت ناسکە، هەمیشە لە بیرکردنەوە گەشبین و لەسەرخۆ بە، چونکە بە هەڵەیەکی سادە زۆر شت لە دەست دەدەیت، دەست بە چەند بیرۆکەیەکی نوێ دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسانی دەوروبەرت خۆشییان دەوێیت، تۆش کارێك مەکە جێگەی بێزاریی ئەوان بیت، ئەوەندە خۆت دوورەپەرێز مەکە، چونکە لە داهاتوودا تووشی کێشەی تەنیایی دەبیتەوە، تێکەڵ بە لەگەڵ کەسانی نزیك و هاوڕێکانت، چونکە لەو تێکەڵییە سوودمەند دەبیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بڕیاری خێرا مەدە و کەسایەتیت بپارێزە، کەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە و تۆش ڕێگەی بدە، خۆت بپارێزەو چاودێری کاروباری خۆت بکە و مەهێڵە کەسانی دیکە کاریگەرییان لەسەرت هەبێت، ئەگەر گرفتێکیشت هاتەسەر ڕێ، ئەوا بەهێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.